### پرۆفیسۆر کەمال کرزچی

## ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی بۆزاجی ئەستەنبوڵ بۆ گوڵان:

# حکومەتی تورکیا هەرگیز پشتگیری لە هێرشی سەربازی بۆسەر هەرێمی کوردستان ناکات



**پرۆفیسۆر کەمال کرزچی بەڕێوەبەری سەنتەری خوێندنی ئەوروپایە و هەروەها پرۆفیسۆرە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی بۆزاگی لە ئەستەنبوڵ و پسپۆر و تۆژەرە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و بەم دواییەش کتێبێکی لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان نووسیوە.**

**پرۆفیسۆر کرزچی لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئیشی کردووە و ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بووە لە کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران و شارەزاییەکی باشی لەسەر تەنگژە و کێشە ئەتنییەکانی هەیە.**

**بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی عێراق و ڕەوشی ئێستای پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر کرزچی کرد و بەڕێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

### ئەمەریکا ئامۆژگاریەکانی EU و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگوێ خست

دیدی پسپۆڕانی تورکیا بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا، ئەگەر سەرەنجامیش لەگەڵ شرۆڤە و دیدوبۆچوونی پسپۆڕانی دیکەش یەک بگرێتەوە، ئەوا جۆرێک لەو تەحەدایەی پێوەدیارە کە پەرلەمانی تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٣بەرامبەر ئەمەریکا کردی، هەر بۆیە ئێستا ئەو تەحدیە بە هەنگاوێکی راست دەزانن و زیاتریش لەمە، وەک بۆچوونی رای گشتی نێودەوڵەتی پشت راست دەکەنەوە، راستە ئەمەریکا دوای رووخانی رژێمی پێشوو نەیتوانی ئاشتی و سەقامگیری لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق دروست بکات، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ رووخانی رژێمێکی دڕندەی وەک رژێمی بەعس نەبووە، یان پێیان وابێت مانەوەی رژێمێکی دیکتاتۆری دڕندە لە خزمەتی ئاشتی و سەقامگیری جیهاندایە، بەڵام دیدی تورکیا وای پێشاندەدات کەرووخانی ئەو رژێمە هەڵەبووە، ئەمەریکا هەڵەی کرد ئەو رژێمەی رووخاند، لەمبارەوە پرۆفیسۆر کەمال کرزچی بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی:

"من پێموایە ئەمەریکا لە گرفتی عێراق رزگاری نابێت، باشترە ئەم پرسیارە رووبەڕووی ئەمەریکییەکان بکرێتەوە، بەڵام بۆچوونی من بەو جۆرەیە، کە جەختکردنەوەی ئیدارەی بوش بۆچوونە ناو شەڕی عێراق لە مارتی ساڵی٢٠٠٣، دژی ڕێنماییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یەکێتی ئەوروپا بوو، ئەوکاتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یەکێتی ئەوروپا ڕێنمایی ئیدارەی بوشیان کرد، کە بەبێ بڕیارێکی نێودەوڵەتی و بە تەنیا بچێتە ناو ئەو شەڕە، خۆت دەخەیتە ناو ئاگرەوە، بەڵام ئیدارەی بوش بە هیچ جۆرێک ئەو ئامۆژگارییانەی لەبەرچاو نەگرت و سەرەنجامیش پرۆسەی ئازادی و دیموکراتیزەکردنی عێراق بۆتە ئەو حاڵەتەی کە ئەمڕۆ دەیبینین و سەرەنجامیش ئیدارەی بوش پشتگیری رای گشتی جیهانی لە دەستداو داوای لێدەکەن کە هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە، هەر بۆیە ئێستا ئەمەریکا هیچی پێناکرێت و ناتوانێت بارودۆخەکە راست بکاتەوە، ئەگەر ئەم توندوتیژییەش بەردەوام بێت ئەوا هیچ دوور نییە هەرێمی کوردستانی عێراقیش بگرێتەوە، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەوڵەتانی ئقلیمی دەتوانن عێراق لەم تەنگژەیە رزگار بکەن؟ بێگومان تائێستا وەڵامی پێویست بۆ ئەم پرسیارە دروست نەبووە.

### حکومەتی تورکیا هێرش ناکاتە سەر هەرێمی کوردستان

لەم بارودۆخەدا کە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا لە تەلەزگەیەکی قورسدایە، دەبینین تورکیاش هەوڵ دەدات هێندەی دیکە باری ئەمەریکا قورستر بکات، بەتایبەتی بەم دواییە کە ژەنراڵەکانی سوپا هەڕەشەی دەستێوەردان و هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستانیان دەکرد کە تەنیا بەشە ئارامەکەی عێراقە، ئەگەر ئەم بەشە ئارامەی عێراق تێکبچێت ئەوا سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا دەبێ فەشەلی خۆی بەتەواوی رابگەیەنێت، هەروەها لەوانەیە ئەمجارە، وەک هەڵوێستی ساڵی ٢٠٠٣ی تورکیا نەبێت و قورستر لەسەر تورکیا بشکێتەوە، دەربارەی ئەم مەسەلەیە پرۆفیسۆر کرزچی گوتی:

"من لەو بڕوایەدانیم تورکیا بێتە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق، راستە هەندێک لە سیاسەتمەدارانی هاوشانی ژەنەراڵەکانی سوپا پشگیری لەوە دەکەن لەبەربوونی پەکەکە تورکیا



**راستە هەندێک لە سیاسەتمەدارانی هاوشانی ژەنەراڵەکانی سوپا پشگیری لەوە دەکەن لەبەربوونی پەکەکە تورکیا هێرش بکاتە سەر باکوری عێراق، بەڵام من هەرگیز گوێم لەوە نەبووە حکومەتی تورکیا پشتگیری لە هێرشی سەربازی بۆ سەر باکوری عێراق بکات**

هێرش بکاتە سەر باکوری عێراق، بەڵام من هەرگیز گوێم لەوە نەبووە حکومەتی تورکیا پشتگیری لە هێرشی سەربازی بۆ سەر باکوری عێراق بکات.

راستە دەستەی ئەرکانی سوپای تورکیا گوتوویانە هێرشکردن بۆسەر باکوری عێراق، یان راشکاوانەتر بۆ پێگەکانی پەکەکە لە شاخەکانی باکوری عێراق کارێکی سوودمەندە بۆ ئەوەی رێگە لەوە بگرن پەکەکە لەوێوەوە هێرش نەکاتە سەر تورکیا، بەڵام پێموایە ئەم کارەش درەنگە و بشکرێت بەو ئاستە نابێت، کە هاووڵاتیانی سڤیل زەرەرمەند دەبن، لەم حاڵەتەدا ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت دەتوانێت رێگە لە پەکەکە بگرێت و ئەگەر ئەمەش بکات کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر تورکیا دەبێت، متمانەی لەناو تورکیادا زیاتر دەبێت، بەڵام لەم بارودۆخەدا هیچ پێناچێت ئەمەریکا ئەم کارە بکات و هیچ کارێک دژی پەکەکە ئەنجام بدات.

هەر بۆیە بارودۆخی ئێستا لەگەڵ بارودۆخی ساڵی ٢٠٠٣جیاوازە، لە ساڵی ٢٠٠٣ئەمەریکا داوای لە تورکیا نەکردووە بنکەیەکی سەربازی لە تورکیا دابمەزرێنێ، بەڵکو داوای ئەوەی کرد کە رێگەی پێبدرێت بە ناو خاکی تورکیادا تێپەرێت و بەرەیەک لە باکورەوە بکاتەوە، بەڵام رای گشتی تورکیا بە شێوەیەکی دیموکراتییانە گوشاری خستە سەر حکومەت و رێگەی نەدا، ئەمەریکاش رێزی ئەو ئیرادە دیموکراتییەی گرت و هەتا ئێستاش ئەم مەسەلەیە لە ئەمەریکا موناقەشەی لەسەر نەکراوە، بەڵکو ئێستا موناقەشە لەسەر ئەوە دەکرێت ئەو پرۆسەی دەستی پێکرد و لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری زۆر لەسەر ئەمەریکا کەوت ئێستا چۆن چارەسەری دەکەن.

**ئەگەر ئەمەریکا هێرش بکاتە سەر ئێران، وەک عێراقی لێ بەسەردێت**

هاوکات لەگەڵ باری خراپی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا، دەنگۆی ئەوەش هەیە کە ئەمەریکا هێرش دەکاتە سەر ئێرانیش، ئێرانیش لای خۆیەوە هەرەشەی ئەوە دەکات ئەگەر ئەمەریکا هەر هێرشێک بکاتە سەری، ئەوا لە بەرامبەردا ئەویش هێرش دەکاتە سەر ئیسرائیل، ئەمەش وادەکات کە چاودێران بیر لە تێکچوونێکی سەرتاسەری بارودۆخی ناوچەکە بکەنەوە، دەربارەی ئەم مەسەلەیە پرۆفیسۆر کەما کرزچی گوتی:

"بە بۆچوونی من ئەمەریکا هێرش ناکاتە سەر ئێران، چونکە ئەزموونی هێرشی تاک لایەنەی بۆسەر عێراق بینیوە و ئێستا دەزانێت ئاکامەکەی چییە و دەزانێت چ بارودۆخێکی خراپی لە هەرێمەکەدا خولقاندووە، من نازانم ئەمەریکا چ سیاسەتێک پیادە دەکات وا بیر لەوە دەکاتەوە هێرش بکاتە سەر ئێران، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو کارە بکات بارودۆخەکە زۆر زیاتر ئاڵۆزتر دەکات، ئێستاش لە واشنتۆن موناقەشە لەسەر ئەوە دەکرێت ئەم هەنگاوە تا چەند هەنگاوێکی لۆژیکانە، ئێستا ئیرادەی گشتی ئەمەریکا بەو ئاراستەیەیە رووبکەنە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوشاری زیاتر بخەنە سەر ئێران، نەک پەنابردن بۆ هێزی سەربازی و، هەوڵدەدەن بە رێگەی دانووستاندن و وتووێژ کێشەکە چارەسەر بکەن.




**دەبێ مەسەلەی کەرکووک بە رێککەوتن چارەسەر بکرێت**

کەرکووک لەگەڵ ئەوەی بە زەبری سیاسەتی ترس و تۆقاندن و بە عەرەبکردن لە کورد زەوتکراوە، بەڵام کورد هەوڵدەدات ئەم مەسەلەیە بە رێگە چارەی دەستووری و دیموکراتییانە چارەسەر بکرێت، داکۆکی و پێداگرتنی کورد لەسەر مەسەلەی کەرکووک، مەسەلەی شوناس و مێژووە نەک مەسەلەی نەوت کە هەندێک پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، بۆ ئەوەی ئەم بیانووەش نەمێنی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دواجار یاسای پەترۆڵی حکومەتی فیدراڵی عێراقی پەسەند کرد و بەوە رازیبووە کە سەرجەم داهاتی نەوت بۆ هەموو عێراقییەکان بێت و لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵیدا بێت، ئەم هەنگاوەش لە پێناوی ئەوە بوو کە هەموو لایەک لەوە دڵنیابن، کە مەسەلەی کەرکووک پەیوەندی بە نەوتەوە نییە و کەرکووک شارێکی عێراقییە بە ناسنامەی کوردستان و بۆ کورد ئەم مەسەلەیە شوناس و مێژووە، هەر بۆیە سورە لەسەر ئەوەی کەرکووک بگەرێتەوە سەر سنووری ئیداریی و جوگرافی هەرێمی کوردستان، دەربارەی ئەم مەسەلەیە پرۆفیسۆر کرزچی بەمجۆرە رای خۆی خستەروو:

"من دەخوازم بڵێم زۆر لەسەر مەسەلەی کەرکووک دیراسەتم نەکردووە، بەڵام بەم دواییە راپۆرتێکی ئاموژگای تەنگژە نێودەوڵەتییەکانم لەسەر رەوشی کەرکووک خوێندەوە و تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە چارەسەری مەسەلەی کەرکووک بەو جۆرە بێت هەموو لایەنە پەیوەندارەکان پێی رازی بن، هەر بۆیە منیش ئەم بۆچوونەم لا پەسەندە و دەخوازم لایەنە پەیوەندارەکان بگەنە رێککەوتنێک ئینجا پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجامبدرێت.

**ئەمەریکا هێرش ناکاتە سەر ئێران، چونکە ئەزموونی هێرشی تاک لایەنەی بۆسەر عێراق بینیوە و ئێستا دەزانێت ئاکامەکەی چییە و دەزانێت چ بارودۆخێکی خراپی لە هەرێمەکەدا خولقاندووە**